# ئێرە نەبەهەشتە و نە دۆزەخ
# بەڵكوو بەرزەخە

دڵزار حەسەن

ئەم نوسینە سووكە وەڵامێكە بۆ (رێبوار سیوەیلی و نەجات حەمید)

ئەو ناونیشانەم بۆ ئەوە هەڵبژاردووە تا زووتر لەناوە ڕۆكدا رووبچم و سەری خوێنەریش بە پێناسە كردنێكی تەقلیدیانە بۆ چەمكی ڕۆشنبیرو دەسەلاَت نە هێشێنم .

دیارە ئێمەی كورد بەدەر لەهەموو ئەو پێناسەو باسانەی كە سەبارەت بە بایەتگە لێكی وەك دەسەڵات و ڕۆشنبیر گووتراون و نوسرا ون جوودا لەبیرو ئەندێشەو تێڕوانینی دەرەوەی خۆمان دەبێت ئێمە بەهۆی هەل و مەرجی سیاسی و كلتوری و كۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەخلاَقی هەریەك لەو زاراوانە لەدیدی ئێمەی كورددا چ وەك سیاقە مێژووییەكەی چ وەك حاڵی ئێستامان هەڵگری زۆرێك ماناو دەلالەتی جیاوازو دژبەیەكن ، هەرلەبەر ئەوەشە تا هاوكێشەو پرەنسیپە دەلالیەكانی ناو ئەوچەمكانە هاو دژنەكەونەوە و تامنی كوردیش نەكەوێتە ناو پێناسەو زاراوە تەقلیدی و باوەكانی دەرەوەی كۆمەڵگاكەی خۆم ، دەبێت جیاوازتر لەكەسانی دەرەوەی خۆم بنوارمە كۆمەڵگاكەم . بۆنمونە بۆئەوەی بمانەوێ ئەقڵی سیاسی تاكی كورد بناسین بێگومان دەبێ بگەڕێینەوە ناو مێژووی كورد چ وەك پێك هاتە كلتوریەكەی چ وەك پێك هاتە سیاسی یەكەی ، بەهەمان شێوە گەربمەوێ قسە لەدیموكراسیەت و ئازادی و مەدەنیەت بكەم دووبارە پێویستم بەو مێژووە دەبێتەوە كەتاكی كوردی بەرهەمی هێناوە . پێ بە پێ بۆ چەمكی ئەخلاَق و كلتورو چەمكە ئەقلاَنی و مەعریفیەكانیش دەبێ لەناو هەناوی ئەو مێژوودا مانا گەلێكی بەرجەستە بدۆزینەوە دواجار لەوێوە دەتوانین قسەیەكی جددی لەبارەی تاكی كورد بكەین ، هەڵبەتە ئەگەر تاكی كوردت ناسی ئینجا دەتوانین زاراوەی رۆشنبیرو دەسەلاَت كەدوو چەمكی سیاسی ناو پرۆسەی دەوڵەتن شرۆڤە بكەین و خاڵە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەكانی نێوانیشیان دەستنیشانبكەین . كاتێكیش بەچاوی هەڵسەنگاندن دەڕوانینە مێژووی خۆمان نابێ ئەو ئاماژانە لەیاد بكەین كە ئێمە جگەلەوەی كوردین بەلاَم رۆژ هەلاَتین، جگە لەوەی نەتەوەین بەلاَم لەهەمان كاتدا چەوساوەین ، جگە لەوەی بی ّخاكین بەڵكو داگیر كراویشین . دیارە بەرەچاو گرتنی هەرسێ حاڵەت كە كوردو مێژووی كوردی پێدا تێپەڕیوە ئینجا بۆمان هەیە قسەیەكی مەعریفی لەبارەی تاكی كورد و كۆمەڵگای كوردی بكەین .. هەڵبەتە ئەو باسە زۆر بابەتێكی جددی و بەسوودە بۆ ئێمەی كورد لەبەر ئەوەی یارمەتیمان دەدات تا لە هۆتافی گەورەو قسەی نالۆژیكی و دیدی نادرووست و تێڕوانینی وەهمیانە دەرماز مانبێت و دوێنێ و ئێستاو ئایندەی خۆمان بەواقیعی ببیستین وببینین و درۆ لەگەڵ نەوەی خۆمان و ئێستاو داهاتوومان نەكەین هەر ئەو شێوە واقیعبینانەیە دواجار دەتوانین راستگۆیان دەست لەسەر برینەكانمان دابنێین و راسگۆیانەش بە خۆمان و خەڵكیش بڵێین كوردستان نەبەهەشتەو نەدۆزەخە .

بەراستی جێگای داخە دەسەڵاتی كوردی ئێرە بە بەهەشت بزانێ و لەراستیشدا وانەبێت ، بەپێچەوانەوەش رۆشنبیران ئێرە بەدۆزەخ نمایش دەكەن و لەهەقیقەتیشدا بەو شێوەیە نییە ..ئەو دوو دیدە چەواشە كارانە رەنگە لە حاڵەتێكی پەرچەكردارانە بەرهەم هاتبێت ، بۆیە بەلای منەوە نە دەسەلاَت بۆی هەیە یۆتۆ پیایانە بڕوانێتە ولاَت و كۆمەڵگاكەی نە رۆشنبیرانیش بۆیان هەیە ئێرە بەدۆزەخ وێنا بكەن .

رەنگە دەسەڵاتی كوردی لە راگەیانەكانیدا توانیبێتی دەرەوەی خۆی چەواشە بكات و ئێرەی بە بەهەشت وێنا كردبێت . بەس ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت ئیدی كۆمەڵگا لە خۆشگوزەرانیدایە و ولاَت ئاوەدانە . دیارە

ڕۆشنبیرانیش لەبەرامبەر ئەو ڕاگەیاندنە نا ڕاستەدا قسەی خۆیان هەبووەو کردویانەش . لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵات نایەوێ دان بەو واقیعە تاڵەی خۆی دابنێت کە ئێستا لەناویدا دەژێت .
سەیرەکەش لەوەدایە ڕاگەیاندنی دەسەڵات زاراوەی دیموکراسیەت و مەدەنیەت و ئازادی بە ماناگشتیەکەی زۆر بەکار دەهێنێت ، پێشی وایە ئەو سێ چەمکە سێ کاراکتەری چالاکی نێو دەسەڵاتە کەیەتی . لەکاتێك هەر سێ چەمك بە باوەڕەوە دەڵێم : جگە لە ناوهێنان و ناو لێنان لەواقیعدا وجودیان نییە . چونکە گەوهەری دیموکراسیەت ئەوەنییە کەدەسەڵاتی کوردی نمایشیدەکات . کۆمەڵگای مەدەنیش ئەو نمونە ئەکتیڤە نییە کەڕۆژانە لە هەرسێ شارەکەی کوردستان دەبیندرێت . ئازادیش کات و شوێن و زەمەنی بۆ نییە.
بێگومان هەزاران نمونەمان بەدەستەوەیە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و نەدانی ئازادی تاك لەلایەن دەسەڵاتی کوردیەوە، پێم سەیرە کورد بەدرێژایی مێژووی سیاسی خۆی تەنها 14 ساڵی دەسەڵاتی بە خۆووە بینیووە . سەرباری ململانێ وپەنجا بە پەنجاو شەڕی ناوەخۆو دوو ئیداریەوە بڵێن ئەم ئەزموونە ئەز موونێکی دیموکراسیانەیە ! سەیرە برادەری واهەبووە گوتویەتی سلێمانی لە سوێد دیموکراسی ترە !!! یان گوتویانە ئەو ئازادییەی لەهەولێر هەیە لەڕۆژهەلات تاکە . بەراستی ئەوقسە سەرپێیانە تەنها وەهمەو دروست کردنی بەهەشتێکی خەیاڵیە لەزهنی کۆمەڵگایەکی تێکشاوەوە، ئەگینا هەموو کەس دەزانێ سوێد چۆنەو ژیان لەناویدا چۆنە، سلێمانیش دیارەو لە بەر چاوانە.
هەولێریش بە بەراورد لەگەڵ تونس و لوبنان و ئوردن و میسر وەکو ئاسمان و ڕێسمان وایە .
بالەوەش گەڕێین خۆ دیموکراسیەت و مەدەنیەت و ئازادی بەقسە نایەتە بوون . دیارە زەمین خۆشکردن بۆ دیموکراسیەت دەبێ سەرەتا یاسا هەبێ و ئینجا بەڕەچاوکردنی مافی گشتی و ژیانی هاوڵاتیان مسۆگەر دەبێت . مەدەنیەتیش قۆناغی یەکەمی چەمکی تاکگەراییەو بەئازادی ژیانە کە مومکین نییە تاکێك لەو کۆمەڵگایە بدۆزێتەوە سەر بەخۆبێت و بۆخۆی بژیت . ئازادیش ئەوکات دێتە وجود کە تۆی دەسەڵاتدار دەسەڵاتەکەت لەدەم و دەستی خەڵکیدابێت نەك تاکە حزبێك یان بنەماڵەو چەند کەسانێك حاکمی موتلەقی وڵات بێت .
ئەمانەو زۆرێك نمونەی ترهەن مانایایە بۆ دەسەڵاتی کوردی کەبمانەوێ پێیان بڵێین ئێرە بەهەشت نییە و بەڵکو وڵاتێکە پڕیەتی لە شتی جوان و ناشرین ...